وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی ماتماتیك

# پێوانە وهەڵسەنگاندن

وانەی 1

ماموستا بابەت

ئەژین سردار محمد

2023-2024

- <u>پیشەکی :-</u> لەم بەندە چەند چەمکێکی بنەڕەتی لە پێوانەو هەڵسەنگاندن دەخەینە ڕوو کە بە بناغەی ئەم بابەتە دادەنرێ, جگە لەوەی کە پێوانە لە ژیانی ڕۆژانەمان بە شێوەیەکی گشتی ولە بواری فێرکردن وفێربوون بە تایبەتی کارێکی زۆر گرنگە ,هەروەها پێوانە پێناسە دەکەین لەگەڵ جۆرەکانی و سیفاتەکانی وبەراوردکردنی لە گەڵ پێوانەی فیزیاوی سروشتی0ئەوجا تاقیکردنەوە پێناسە دەکەین وجیوازی نێوان تاقیکردنەوەو ئەزموون دیاری دەکەین و پێناسەی هەڵسەنگاندن دەکەین لە گەڵ گرنگی لە بواری فێرکردن وفێربوون و پەیوەندی نێوان پێوانەو هەڵسەنگاندن و دیاری کردنی جۆرەکانی هەلسەنگاندنی پەروەردەیی 0

# چی دەپێوین؟

- مامۆستا لە ناو پۆل دەکەوێتە بەرانبەر چەند ڕوخسارێك ( سماتێك ) ( Traits) , بەڵام بە زۆری دەکەوێتە بەرانبەر سمەتی بەدەست هێنان ( ( التحصیل ) ) وە ئەمەش دەناسرێ یان پێی دەووترێ پێوانەی پەروەردەیی( Educational measurement ) ,بەڵام چەندجۆرێکی تر هەیە لە سمات مامۆستا ناتوانێ جیاوازیان بکات لەسمەی بەدەست هێنان( التحصیل ) وەك نالەباری ( القلق ) وزیرەکی و ئارەزووی قوتابی و000هتد ئەمەش دەناسرێ بە پێوانەی دەرونی ( Psycological measurement) ,هەروەها جۆرێکی تر هەیە لە( سمات ) وەك درێژی و قورسی وچاو تیژی وتوانای گوێ گرتن,کە دەناسرێ بە پێوانەی فیزیاوی( Physical measurement )0

- جا لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ئەوەی پێوانەی دەکەین بریتییە لە ( سمات ),وە ( سمە ) بریتییە لە{کۆمەڵێك لە ڕەفتاری بەیەکەوە بەستراوە کە دەیەوێت پێکەوە روو بدات}ئەوەش سیفەتێکی تاك نییە بەڵکو ئاوێتەیە( مرکب ),بۆ نموونە ئەوەی نمرەکانی بەرزە واتە سمەی بەدەست هێنانی (( التحصیل )) ی هەیە , دەچێتە مەکتەبە بۆ خوێندنەوەی زیاترو هەروەها زۆر چالاکی تری هەیە لە دەرەوەی پۆل.
- زۆربەی سمات راستەو خۆ پێوانە ناکرێ بۆنموونە بۆ پێوانی سمەتێکی مێشك وەك ( زیرەکی ),ئێمە ناتوانین زیرەکی ببینین یان تێبینی بکەین راستەو خۆ بەڵکو تیبینی دەکەین بە هۆی چەند هەڵوێستێکی جیاوازکە پەیوەندی بە زیرەکییەوە هەیە.

# بەهۆی پێوانە دەتوانین بەراوردی ( جیاوازی ) نێوان کەسان لە سمات پێوانە بکەین ,ئەم جیوازیانەش چوار جۆرن :-

- 1- لەبەینی کەسان ←بەراورد کردنی کەسێك بە یەکێکی تر لەکۆمەڵەکەی .
- 2-لەناو یەك کەس ← بەراورد کردنی خاڵی بێ هێزی و خاڵی بە هێزی لە توانای ئەو کەسە.
- 3-لە ناو کۆمەڵان ← بەراورد کردنی لایەنی زانیاری و جەستەیی و ویژدانی ورەفتاریان .
- 4- لە ناو کارەکان ← بەراورد کردنی توانای کار کردن لە نێوان کەسان ( چەند کەسێك ) .

# پێناسەی پێوانە

- هەر کەسێك لە ژیانی ڕۆژانەی دا بە چەند کارێك هەڵدەستێت وەك ڕۆیشتن لە ڕێگا یان لە ناو ماڵ,یان خواردنەوەی قەبارەیەکی دیاری کراو لە ئاو,لێرە دیاری کردنی  ئەو دوورییەی دەیبڕی یان قەبارەی ئەو ئاوەی دەیخواتەوە,یان ئەو کاتەی دەیخایەنێت تا دەگاتە شوێنی کار,دەر دەبڕین بە چەند یەکەیەك وەك,مەتر,لەتر,سعات,یان خولەك,یان چرکە 0
- بەڵام ئەگەر بمانەوێ پێوانی چەند سفەتیك بکەین وەك بیرکەوتنەوە,بیرکردنەوە,توانای کۆنترۆلی سۆز,ئەوا وێنەکە زەحمەتتر دەبێت لەمانەی پێشتر,بۆیە پێویستیمان دەبێت بە پێناسە کردنی پێوان 0

- وە پێوانە کردن دەکرێ  لە ڕێی *ژماردن,  *یان تاقیکردنەوە, کە چەند لایەنێکی پێوانە کراو بە دەر دەخات وەك درێژی,قورسی, پاش ئەوە ئەنجامەکانی پێوان دەردەبرین بە ژمارە,وە دەکرێ ئەم ژمارانە ژمارەی تەواو بن یان کەرت بن یان ڕێژەیی بن  یان لادانی  پێوەری بن,یان.

# لێره چەند پێناسەیەكی پێوان دەخەینه بەر چاو

1. پێناسەی كامبل كه دەڵێ پێوان بریتییه له{دەربڕینی چەند سیفەتێك به ژمارە}
2. پێناسەی ستیڤنز ( دەڵێ پێوان بریتییه له دیاریكردنی ژماره بۆ شتێك یان ڕووداوێك له ژێر یاسایەكی دیاریكراو 0

- 3- پێناسەی جیلفۆرد كه دەڵێ پێوانه بریتییه له وەسفكردنی چەند ڕووداوێك به ژماره 0
- لەم پێناسانه بۆمان دەردەكەوێ كه پێوان سێ كۆمەڵه دەگرێتەوە:-
- 1 -ژماره كان و هێماكان0
- 2-ڕووداو یان سمات یان ڕەووشەكان 0
- 3-یاساكان 0

# جۆرەکانی پێوانە :-

- * دەکرێ پێوان دابش بکەین بۆ دوو جۆر :-

- 1-**پێوانەی راستەو خۆ** :- واتە سفەتەکە پێوانە دەکەین راستەو خۆ,بۆ نمونە پێوانە کردنی درێژی مرۆڤ,یان قورسی,کە مەتر یان یاردە بۆدرێژی بە کار دێت,وە کیلۆگرام یان گرام بۆ قورسی کاردێت 0

- 2-**پێوانەی نا راستەو خۆ**:-لەو حالەتە ناتوانین سیفەتەکە راستەو خۆ بپێوین وەك پێوانی زیرەکی لە مرۆڤ,چونکە ناتوانین بیخەینە سەر تەرازوو,بەلکوو چەند تاقیکردنەوەیەك دروست دەکەین کە تایبەتە بە پێوانی زیرەکی,وە لەرێگای تاقیکردنەوە دەتوانین بزانین زیرەکی هەر مرۆڤێك چەندە,هەروەها بەدەست هێنانی قوتابی لە هەر وانەیەك نازانین چەندە ئەگەر تاقی نەکەینەوە لەم وانەیە بۆ ئەوەی بزانین تواناى بەدەست هێنانی چەندە 0

## تاقیکردنەوە :-

ئەگەر پێوانە ئەو کارەیە کە سمات یان ڕەوشی پێ دیاری دەکرێ ئەوا تاقیکردنەوە ئەو کارگێڕیەیە یان ئامرازەیە( ئەداتەیە ) کە بە کار دێت بۆ ئەو دیاریکردنە بە ژمارە.

واته تاقیکردنەوە { کۆمەلێك لە پرسیارو هەڵوێستە کە لە قوتابی داوا دەکرێت یان هەرکەسێکی تر وەڵامی بداتەوە } وەك وەڵامی مانای چەند ووشەیەك یان شیکارکردنی کێشەیەك ( پرسیارێك )لە بیرکاری یان دۆزینەوەی چەند پارچەیەك لە وێنەیەکی نا تەواو.

- لێرەدا کرۆنباخ( Cronbach ) دەڵێ تاقیکردنەوە ڕێگایەکی ڕێك وپێکە بۆبەراورد کردن لە نێوان ڕەفتاری دوو کەس یان زیاتر.

پسپۆرانی پێوانەو هەڵسەنگاندن دەڵێن جیاوازی هەیە لە نێوان چەمکی

تاقیکردنەوە( test ) و چەمکی ئەزموون ( Examination ), هەرچەندە

یەك لەجیاتی ئەوی تر بەکار دێت لە بواری فێرکردن.

